# وەڵامێک بۆ بەڕێزان عارف تەیفور و عەبدوڵای حاجی مەحمود

دەربارەی هەڵوێستی هەردوو بەڕێز کە لە سایتی پەیامنێر بڵاوکراوەتەوە لە بەرواری 13 / 1 / 2005 دا.

بەڕێز عارف تەیفور دیارە ماندوە و خوێندنەوەی واقعی بۆ ڕووداوەکان نیە یان بەرژەوەندی تایبەت کێشە نەتەوایەکیەکەی لەبیر بردوەتەوە، و بەڕێز عبدوڵای حاجی مەحموود باشترە زیاتر بوێر بێت و بە ئەنفالچیەکان و سەرەک جاشەکان و سیخوڕەکان و کۆنەبەعسیەکان بڵێت ئەبێت کوردستان بەجێ بهێڵن.

سەبارەت بە نوسینەکەی بەڕێز عارف تەیفور لە سایتی پەیامنێر هێرشیکی بێ بناغە و دور لە واقیع بینی و دوور لە تاوتوێکردنی ڕووداوەکان دەست پێ دەکەین کە بەڕێزی دێت و هێرش دەکاتە سەر ئەو دەنگە بوێر و ڕەسەنانەی چینی ڕۆشنبیرانی کوردستانی دەکات و بە سەرلێشێواو ناویان دەبات، و زۆر باوەڕی بە برا عەرەبەکانی هەیە کە بە بێ ڕای ئەو هیچ بڕیارێک دەرناکەن.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ وەلامەکەمان بۆ بەڕێز عارف تەیفور بەهەمان شێوە بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان لەو ئاستەدا نابینین کە ووشەی بێ ئەرزش بەکار بهێنین بەرامبەر بە هیچ کوردستانییەک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕیزی خەباتی گەلەکەمان بووە وەک ئەوەی کە بەڕێزیان بەکاری هێناوە بەرامبەر بە ڕۆشنبیری کورد، بەڵام ئەمانەوێت ئاماژە بە هەندێ خاڵ بدەین بۆ هوشیارکردنەوەی بەڕێزیان لەو مەترسیانەی کە بەڕێزیان و زۆر لە سیاسەتمەداری کوردی بەداخەوە یان لێی تێنەگەیشتوون یان بەرژەوەندیە تایبەتییەکانیان چاویان بەستووە لە ئاست ڕاستیەکان و چارەنوسی گەلەکەمان ئەخەنە مەترسییەوە.

لێرەدا ئەمانەوێت سەرنجی هەردوو بەڕێز بۆ هەندێ خاڵ ڕابکێشین کە خەلکانی کوردستانی سەربەخۆخواز جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزە و هەمو عێراقیە کوردزوبانەکان:
هەڵبژاردنی عێراق لە کاتێکدا ئەکرێت کە:

1- هیچ بەڵگەیەک یان یاسایەک یان ڕێکەوتننامەیەکی نوسراو نیە کە گەرەنتی گەڕانەوەی شارە بەعەرەبکراونی تیا یەکلاکرابێتەوە، نە لە لایەن برا عەرەبەکانیانەوە نە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە.
2- ئەو عێراقە فیدراڵیەی کە تەنها کورد باسی دەکات لە ئەجندەی هیچ هێزێکی تردا نیە بەڵکو ئەم هەڵبژاردنە بۆ عێراقێکی یەکگرتووە کە هەر ئەبێت ناسنامەی عەرەبی هەبێت.
3- ئەو بەڕێزانە جیاوازی نێوان (تەوافق) و دەستور نازانن، لە دەستووردا یاسا بەرقەرار دەبێت، لە تەوافقیشدا ڕێککەوتننامەی هاوبەش وەک دوو لایەن یان زیاتر دەکرێ. هەموومان ئەزانین کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ داڕشتنەوەی دەستوری عێراقە کە بە زۆرینەی دەنگ دادەڕژرێت، کوردیش ئەبێت ڕازی بێت بە هەر ئەنجامێک کە بە زۆرینەی دەنگ دەدرێت و لەم حاڵەتەشدا کێشەی کورد ئەبێت بە کێشەیەکی ناوخۆی عێراق، و ئەگەر دەوڵەتی عێراق پێی باش بێت ڕەواندوز و هەڵەبجەش تەعریب بکات، ئێمەی کورد ناتوانین گلەیی یان دەنگی نارەزایی بەرزکەینەوە، لەبەر ئەوەی بڕیارێکی وا بە پێی ئەو دەستورە دەکرێت و ئەو زۆرینەعەرەبە دەدرێت کە ئەو بەڕێزانە ئیمزای دەکەن، و کەسیش لە جیهان گوێمان لێناگرێت گەر لە دەرگایان بدەین لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد بەشداریمان کردوە لەو دەستور و پەرلەمانەدا بە بێ هیچ مەرجێک.
4- کوردستانی دابەشکراوی ئێمە لەم هالبژاردنەدا دووبارە بەشی باشوری دابەش دەکرێتەوە (ئەو شارانەی کە بۆیان نیە دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن) بە یاسا دەبن بە بەشێک لە عێراقی عەرەبی و زۆر زەحمەتە دووبارە بگەڕێبرێنەوە سەر باشوری کوردستان، بۆ زیاتر زانیاری هیوادارین لە یاساناسی شارەزا و بێلایەن لەو بارەوە بپرسن.
5- ئێمەساڵەهای ساڵە دەڵێین کە کورد بەزۆرەملی لکێنراوە بە عێراقەوە و ڕای ئێمە وەنەگیراوە بۆ بەعێراقیبوون، هەر لەبەر ئەوەشە خەباتی ڕزگاریخوازیمان کردوە، ئەم هەڵبژاردنە ئەبێت بە یەکەمین بەڵگەی یاسایی کە کورد بەڕەزامەندی خۆی ئەبێت بە عێراقی، ئەوەش پاراستنی تایبەتمەندی گەل و نیشتمانەکەمان لەدەست دەدات و خەباتی ڕزگاریخوازیمان دەیان ساڵ دوا دەخات و مەینەتیەکی گەورە بۆ نەوەکانی داهاتومان بەجێ دەهێڵین.
6- ئەم هەڵبژاردنە دەستخۆشیکردنێکی یاساییە و خەڵاتکردنی سەرجەم تاوانبارانی ئەنفال و کیمیابارن و جینۆسایدی گەلی کوردستانە دوای ئاشتبونەوەکی هەولێر، ئەمەش مانای ئەوەیە کە قوربانیانی ئەو کارەساتانە تاوانبار بوون نەک شەهید، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو سیخوڕ و جاشانەیە کە لە لیستەهاوبەشەکانیانە و ئەوانەی تریش کە لە دەسەڵاتدان.

هەڵبەتە ئەو خاڵانەی کە ئاماژەمان پێدا، بڕێکی کەمی ئەو مەترسیانەیە کە هەردوو بەڕێز و زۆری ئەوانەی کە هەوڵی عێراقی هیوا و ئاشتی دەدەن هەستی پێ ناکەن یان بازی بەسەردا دەدەن، بەڵام ئێمەی خەڵکانی سەربەخۆخواز کە هەموو تەمەنمان لە ڕێگای خەباتدا بە چەک و بە قەڵەم لە شاخ و لە هەندەران و دەربەدەری داناوە، خەڵکانێکی خاوەن خوێندنەوەی واقعین و سەرلێشێواو نین بەڵکو ئەوانەی کە خۆشی ژیانی بەغدا و گەندەڵی ئیداری کوردستان خۆشگوزەرانییەکی پێ بەخشیون ، ئامادەن باز بەسەر تەرمی سەدان هەزار شەهید و هەزاران شار و گوندی سووتاودا بدەن و گەلی کوردستان بخەنەوە ژێر چەکوشی شۆڤینی عەربدا، ئەمە لە کاتێکدا کە پرسەی بڕی زۆری شەهیدان تەواو نەبووە.

بە بەڕێز کاک عبدوڵای حاجی مەحموود دەڵێین، وێڕای ڕێز بۆ خەباتی پێشمەرگایەتی بەڕێزتان و سەرجەم ئەو شەهیدانە کە لە ڕێی حیزبەکەتان یان باقی حیزبەکانی دیکەوە لە پێناوی کوردستاندا گیانیان بەخت کردووە، گەر لای ئێوە حەل نیە بێجگە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانەوەی ئەو عێراقەی کە تاوانبار نزار خەزرەجی ڕاوێژکاری سۆپاکەیەتی، بۆچی جەنابتان و کاک عارف تەیفور و باقی ئەو بەڕێزانەی تر پرسێک بە گەلی کورستان ناکەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەو دەیەوێت ببێت بە عێراقی یان نا؟، تەنانەت لە کاتێکدا کە گەلی کوردستان لەڕێی ڕاپرسیەکەوە بڕیاری دا ببێت بە عێراقی، هەر مافت نیە بڵێیت **ئەوانە کە دەنگ نادەن بۆ هەڵبژاردنی عێراق حەق نیە لە کوردستاندا بژین**، یان بۆ ئێوە و هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان ڕێ نادەن لە ڕێی میدیاکانیانەوە بۆ واڵاکردنی دەرگای گفتوگۆ بۆ باسکردنی مەترسیەکانی بەشداریبون و بەشدارینەبونی گەلی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوەی گەل گوێی لە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان بێت؟
بەڕێز کاک عەبدوڵا، بەڕای ئێمە کوردستان لە گەل و نیشتمان پێکهاتووە، نیشتمانیش ناگوازرێتەوە، جا ئەوانەی کە دەیانەوێت لە پایتەختی داگیرکەرانەوە حکومڕانی کوردستان بکەن ئەوانەن کە حەق نیە لە کوردستاندا بژین نەک ئەوانەی کە دەیانەوێت بڕیاری ئایندەی کوردستان لەناو گەل و لەسەر خاکەکەی بدرێت.
ئەوانە حەق نیە لە کوردستاندا بژین یان بڕیاری لەسەر بدەن کە دەستیان بە خوێنی گەلەکەمان سورە.
بەشداریبونی گەلی کوردستان لە هەڵبژاردنی عێراقدا لەم بارودۆخەدا و بەپێی ئەم هەلومەرجەی ئێستا، تاوانێکە مێژوو تۆماری دەکات و تەنها هاندەرانی ئەم تاوانە لەبەردەم مێژوو و نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان بەرپرسن، هەڵبەتە مێژوو ئەوەش لەبیر ناکات کە خەڵکانێک هەبوون هەستیان بە مەترسییەکان دەکرد و هەوڵی بێ ووچانیان دەدا بۆ ڕێگرتن لەو تاوانە.

لێرەدا ئێمە بە هەردوو بەڕێز (کاک عارف تەیفور و کاک عبدوڵا حاجی مەحمود) و باقی ئەو بەڕێزە هاو هەڵوێستانەیان دەڵێین، لەوە ناچێت هەست بە گرنگی و مەترسی ئەم قۆناغە بکەن لەسەر چارەنوسی گەل و نیشتمانەکەمان، لەوە دەچێت لەبیریان چوبێتەوە کە خەباتیان لە پێناوی چیدا کردوە، یان ئاگادار نین کە ئەوانەی قارەمانی ئەنفال، کیمیابارنی هەڵەبجە، ڕاگواستنەوە، تەعریب و سوتاندنی کوردستان بوون، ئێستا باڵا دەستن و کاربەدستن و دوای ئەم هەڵبژاردنەش دەبن بە خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە و سیاسەتە شۆڤینیەکانیان تەواو دەکەن تا دەگەنە تواندنەوەی گەلی کوردستان لە بۆتەی عەرەبیدا.
ئەو هەڵوێستانەی کە ئەو بەڕێزانە دەریدەبڕن تەنها لە خزمەتی داگیرکەراندایە، ئەم قۆناغە مەترسیدارە پێویستی بە هەماهەنگی هەموو کوردستانییەکە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەموو جیهاندا بە هەموو بۆچونە جیاوازەکانەوە کە لەسەر یەک مێز و لەژێر ئاڵای کوردستاندا بەرامبەر بە گەلی باشووری کوردستان بە ڕوونی گفتوگۆ بکەین و تاوتوێی ئەگەرەکان بکەین و چارەسەر بۆ خراپترین ئەگەر دابنێین، دوژمنانی گەلەکەمان دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەک ناکۆکی و دووبەرەکی بخەنە نێومانەوە، ئەگەر بێت خواستی داگیرکەران بێتە دی، ئەوا تەنها ئەوانەی بە تاکڕەوی بڕیاری چارەنوسی باشوری کوردستان دەدەن و ئەوانەی کە بە هەموو شێوەیەک لە دەنگی سەربەخۆخوازی دەدەن و ڕێگریان دەبن بەرپرسن بەرامبەر بە گەل و مێژوو و نەوەکانی داهاتوو.

**سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان**

2005 / 1 / 13